P.O.BOX 7066
163 07 SPÅNGA
SWEDEN

Postgiro: 420 4506 - 2

# سەردەمی نوێ

رۆژنامەیەکی سیاسی - فەرهەنگی کۆمەڵایەتییە

خاوەنی ئیمتیاز
د. جەمشید حەیدەری
سەرنووسەر
کریم حسامی

سالی دووهەم    ژمارە ١٨    پوشپەر    ژولی ١٩٨٧    نرخی ١٠ کرۆنی سویدیە

## مێژوو دووپات دەبێتەوە

رەخنەی مارکس لەسەر بۆچوونی هیگل ئەوە بوو، هیگل لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە مێژوو وەك خۆی دووپات دەبێتەوە. بەلام مارکس لای وابوو کە مێژوو نە هەر وەك خۆی بەڵکوو بە شێوەیەکی تر و بە رەنگێکی دیکە دووپات دەبێتەوە.

ئێستا راست و دروستی بیر و بۆچوونی مارکس لەسەر کوردستانی خوێناوی ئێمەوە راست دەگەڕێ. مێژوو بۆ کورد و کوردستان نەك بە شێوەی رابردوو، وەك ١٢ سالّ لەمە و بەر، بەڵکوو بە جۆرێکی تازە و بە شێوەیەکی دیکە، بەلام بە داخ و بە ژارە یەکی پتر بۆ گەلی کورد دووپات دەبێتەوە. نەختێ وردتر رووی تێ دەکەینەوە.

حەوجێ بە شاهید و ئیسپات نیە کە پتر لە شەش میلیون کورد لە ئێران دا دەژی. لە ماوەی ٥٠ سالّ حکومەت و دەسەلاتی بنەماڵەی پەهلەویدا، واتە رەزاشا و کوڕەکەی، سیاسەتی کۆنەپەرستی و شۆڤێنیستی کاربەدەستانی رێژیمی ئێران لەسەر ئەو بناخەیە دارێژرا بوو کە لە ئێراندا بێجگە لە فارس هیچ نەتەوەیەکی دیکە نازی و دانیان بە بوونی هیچ گەل و نەتەوەیەکی دیکەدا نەدەهێنا. وشەی "میللەتی" ئێران کە بەرهەمی بیروبۆچوونی شۆڤێنیزمی فارسە، لە نووسراوە و ئەدەبیاتی بۆرژوازی ئێراندا ئێستاش هەر رەنگ دەداتەوە.

نەك هەر ئەوە، سیاسەتی حکومەتی رەزاخان و کوڕەکەی لەسەر تواندنەوەی گەلی کورد و سەرکوت کردنی هەموو جولانەوەیەکی رزگاریخوازی و کپ کردنی گشت دەنگێکی پێشکەوتووخوازی دامەزرا بوو.

لە کوشتنی بەدەوی سمکۆوە بگرە، تا لێدان و دوور خستنەوەی گەلی لوڕ و سەرکوت کردنی راپەڕینەکانی هەلاخە لیل و نۆمەر پاشا و رووخاندنی کۆماری کوردستان و لە داردانی پێشەوا و سەرکوت کردنی راپەڕینی جوانڕۆییەکان و راپەڕینی چەکدارانەی ١٩٦٧ - ١٩٦٨ ی کوردستانی ئێران و کوشتن و لە داردانی دەیان شۆڕشگێڕی کورد، سیاسەتی رێژیمی پەهلەویان لەناست گەلی کوردەوە پێك هێناوە.

بۆ ل ٢

## جنایەتی حکومەتی عیراق لە کوردستان

کاك مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق لە بانگەوازێکدا بۆ سکرتێری گشتی کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان و سەرۆکی دەوڵەتانی دۆست و کۆڕ و کۆمەلانی دیموکرات و پێشکەوتنخواز بارودۆخی ئەمڕۆی کوردستانی باسکردووە و داوای کردووە کە بۆ پێشگری لە سیاسەتی قەلاچۆ کردنی گەلی کورد لە لایەن رێژیمی بەعسی عیراقەوە هەنگاو بنێن.

لە بانگەوازی کاك مەسعود بارزانی دا هاتووە: "گەلی کورد لە کوردستانی عیراق کەوتۆتە بەر پەلاماری قەلاچۆ کردن. شار و گوندەکانی کوردستان لە پارێزگاکانی کەرکوك و سلیمانی و هەولێر و دهۆك و موسل و سەلاحەددین ویران دەکرێن. هێندێ لە شار و گوندەکان لە لایەن لەشکری عیراقەوە بە زۆری چوّل دەکرێن و خەڵکی ئەو شار و گوندانە بۆ شوێنەکانی دوور بۆ خوارووی عیراق دەگوێزرێنەوە. حکومەتی عیراق گوندەکانی کوردستان بە چەکی کیمیایی بۆمباران دەکا و تا ئێستا ئەدان کەس بە تایبەتی ژن و منداڵ و پیرە پیاو بە بۆمبارانی چەکی کیمیایی کوژراون و بریندار بوون.

لە ئەنجامی بۆمباران و گواستنەوەی بە تۆبزی دا، هەزاران خاو خێزان لە ترسان شوێن و جێگای خۆیان بەجێ هێشتووە و روویان کردۆتە شوێنە ئازادکراوەکان و تووشی برسیەتی و بێ بژێوی و خواردەمەنی بوون. کاربەدەستەکانی حکومەتی عیراق گوندە ویران نەکراوەکانی کوردستانیان خستۆتە گەمارۆی ئابووری و بۆمباران و برسیەتی و گواستنەوەی بە تۆبزی هەڕەشە لە خەڵکی ئەو ناوچانە دەکا.

بۆ ل ٤

## باری کورد لە تورکیا

لە ژمارەی ٧ی سالی ١٩٨٦ ی گۆڤاری "روشنبیری سیاسی" ئۆرگانی تئۆرییکی کومیتەی ناوەندی حیزبی کومونیستی بولگاریادا، وتارێك بە قەلەمی "رادی گرستێڤ" لە ژێر ناوونیشانی "باری کورد لە تورکیا" دا بلاو کراوەتەوە.

هاوکاری بەرێزمان ناوکی شاری کورتەی ئەم وتارەی بۆ ناردووین و گەلێ سوپاس بۆ زەحمەتی ئەم هاوڕێ بە ئێمە وەرگێڕاوەی ئەم وتارە بلاو دەکەینەوە.

" کورد لە رۆژهەلاتی نێزیك پاش عەرەب و تورك لە پلەی سێهەم دایە و ئەژماریان دەگاتە ٢٢ میلیون کەس. لەوانە ١٠ میلیون لە تورکیا دەژین. لە ٨ ویلایەتی تورکیا، لە ١٨ ویلایەت کوردەکان زۆربەی دانیشتوان پێك دێنن. بە پێی زۆربەی سەرچاوەکان پان و بەرینی خاکی کوردستان لە نێوان ٤١٠ تا ٥١٥ هەزار کیلومیتری چوار گۆشەدایە. تەنیا لە تورکیا دەگاتە ٢٢١ هەزار کیلومیتری چوار گۆشە و نیزیکەی ٣٠٪ تورکیا دەگرێتەوە.

پاشان نووسەر دێتە سەر باسی مێژووی کوردستان و چۆنیەتی دابەش کردنی و پەیدا بوونی رەگەزی کورد و باری نەتەوایەتی کوردەکان لە سەدەکانی دووهەم و حەوتەمدا. هەروەها تایبەتیەکانی زمان و کولتوور و مێژوو میرنشینەکانی کورد و چۆنیەتی لە نێو بردنیان لە لایەن ئیمپراتۆرەکانی عوسمانی و فارس روون دەکاتەوە.

بۆ ل ٦

لەم ژمارەیە دا:
- مالی مرۆڤ لە ئیسلامی خومەینی دا.
- فەرهەنگ و هونەر لە کۆمەلی کوردەواری دا
- بزووتنەوەی خوێندکاران...
- کوردستان لە چاپەمەنیەکاندا
- پێشمەرگەم ... من
- بە پێشوازی ٧٠ سالەی شۆڕشی مەزنی ئۆکتۆبەر
- دە سال بەسەر کۆچی مامۆستا گیوی موکریانی

پاشماوەی ل ١

# مێژوو دووبات •••

ئەوە بێجگە لە قەدەغە کردنی حیزب و ڕێکخراوی سیاسی کوردی و ڕاونان و گرتن و ئەشکنجەو ئازاری تێکۆشەران و قەدەغە کردنی نووسین و خوێندنەوەی زمانی کوردی و سەپاندنی زمانی فارسی بە هۆی سوپای دانیشەوە تەنانەت بە سەر لادێیەکانیشدا.

جا لەو کاتە دا کە ڕێژیمی شا لە کوردستانی ئێران ئەم سیاسەتەی بە هەموو توندو تیژییەوە بەڕێوە دەبرد ، بە ناوی پشتیوانی لە کوردەکانی " ئەو دیوی سنوور " فرمێسکی دەرشت و قوری دەپێوا و دەزگای تەبلیغاتی ڕێژیمی شا ئەو ڕۆژ خەباتی " کوردە ئاریاییەکانی ئەو دیوی سنوور"ی بڵاو دەکردەوە. ڕادیۆکانی "کرماشان و قەسری شیرین و سنەو تاران" شەوورۆژ بە خزمەتی کورد و فارسیان هەڵا دەگوت شاهەنشایان بە ئاڵا هەڵگری مافی کورد بۆ " کوردەکانی ئەودیوی سنور " دادەنا و کوردستانی عیراقیان کردبوە بێگە و بێ خوێستی ساواك و ئەفسەرانی جاسوسی ئێرانی بە جلی کوردییەوە لە کوردستانی عیراق دەسورانەوە. ناکرێ بیشار-ینەوە زۆر لە براکوردەکانی عیراقیش کەوتبوونە ژێر تەئسیری ئەم سیاسەتە چەپەڵ و فەلاوییەوە و بە هەوای ئەو هەڵدەپەڕین . نەك هەر ئەوە، تەنانەت لە دەرەوەی وڵاتیش لە نێو خوێندکارانی سەر-بە شۆرشی کوردستانی عیراق قسە بە شا گوتن و زەم کردنی ڕێژیمی ئێران باسی سەر بوو .

ناچینە سەر بەرهەمی ئەم سیاسەتە چەوتەو ئەو بێ هەڵپەرینە ئەختێك لە سەر وەزعی ئێستای کوردستان دەدوێین .

ڕێژیمی پاشایەتی سەر بە ئیمپریالیزم لە ژێر خەباتی بە تەوژمی خەڵکەکانی ئێران دا خۆی ڕانەگرت کۆشکی دەسەڵاتی شای سەرەڕۆ و دیکتاتور تێك ڕما، ئە ئیمپریالیزمی جیهانی و ئەلەشکری پەرداغ و تەیاری بە تانگ و تۆپ دەفریای ئەکەوتن و سرو سیمبالی سیستمی دووهەزارو پێنسەدساڵەی پاشایەتی پێچرایەوە. لە بەر نەبوونی سەرکردایەتی یەکگرتووی شۆرش و ناکۆکی هێزەکانی دیمو-کرات و شۆرشگێر ، هێندی ئاخوندی عەبابەشانی میشك وشك و کۆنە پەرست و دوژمنی پێشکە و -تنخوازی ، جڵەوی شۆرشیان گرتە دەست و ئێرانیان تووشی ئەو ڕۆژە کرد کە دەی بینین .

ڕاستەکەی دەسەڵاتی شوومی ئاخوندەکانی بە ناوی ئیسلام گەورەترین قوڕت و کارەساتی جەرگ برو دڵ تەزێنی بەسەر گەلانی ئێران هێناوە و جنایەتەکانی موغول و هولاکوی وەبیر خەڵك هێناوەتەوە ، بەلام بەر لە هەموو کەس و لە هەموو شت کوردستان و گەلی کورد کەوتە بەر پەلاماری درندانەی ڕێژیمی ئاخوندی تواناو دەسەلاتی شووم و جنایەتکارانەی خۆی لە کوردستان بە کار هێنار تاقیکردەوە .

ڕێژیمی ئاخوندی بە ناوی ئیسلام نەك هەر کوردی بە نەتەوەو بە خاوەن ماف و خاوەن مێژوو کەلە-پور و زمان و ئەدەب و نەریتی تایبەتی نەناسی ، بەلکوو بە موسلمانیشی نەزانی . بە ناوی دامەزراندنی " حکوومەتی ئیسلام" لە کوردستان جنایەتی لەشکری شا عەبباسی دووپاتە کردەوە .

" ئیمامی ئوممەت" فەرمانی قەتل عامی کوردانی دا ، کوشتاری بە کۆمەڵی خەڵکی بێ چەك و بێ تاوان بوو بە سیاسەتی ڕۆژانەی " لەشکری ئیسلام" لە کوردستان .

جا لەو کاتەدا کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ئێران دا لە بوونی نەتەوەی کورد ، وەك نەتەوە-یەکی دابڕاو لە بەشەکانی تری کوردستان وەك نەتەوەیەکی خاوەن

بۆ ل ٥

# مافی مرۆڤ لە ئیسلامی خومەینی دا

ڕێکخراوی نێو نەتەوەیی لێ خۆشبوون " ئەمنێستی " لە مانگی مای ئەم ساڵ دا سەبارەت بە پێ شێل کردنی مافی مرۆڤ و بە کار هێنانی ئەشکنجە لە ئێرانی ئیسلامی دا ڕاپۆرتێکی بڵاو کردوەتەوە و لە ڕاپۆرتەکە دا گوتراوە :

"کۆماری ئیسلامی ئێران هەموو ڕێ و شوێنێکی ئینسانی و داب و پەیمانە نێو نەتەوەییەکانی پێ شێل کردوە . بە گوێرەی ئاگاداری باوەڕ پێکراو ساڵی ١٩٨٦ شەش ژن و پیاو بە بەردە باران کردن کوژراون .

بە ئەمرازی تایبەتی کارەبایی قامك و دەستی بەندیەکانیان بڕاندوە . ساڵی ١٩٨٥ پتر لە شەش هەزار و چوارسەد کەس لێیان دراوە و ئەشکنجە دراون . گیراوە سیاسیەکان دادگای ناعادلانە دەکرێن و ئەنجامی ئەو دادگایانە، حەپسی دوور و درێژ و ئیعدامە لە زیندانەکانی ئێران دا چەند هەزار کەس بە تاوانی سیاسی بەندکراون و زۆر لەو گیراوانە . لە زەمانی ڕێژیمی پاشایەتیش دا بە تاوانی هەبوونی بیرو باوەڕی خۆیان لە بەندیخانەدا بوون. لە بەندیخانەکانی ئێران وئازارو ئەشکنجە بوتە کردەوەیەکی ئاسایی. لێدانی بە قامچی و بە تەلی کارەباو هەڵاوەسینش سەروە ژێر بوتە ئەشکنجەی ڕۆژانە . لە زیندانی ئەوین دا کەسانی ئەوتۆ دەبینرێن کە چاویان بە ستوون وبە قا چی ئاوساو و خوێناوی لە داڵانەکان دا کەوتوون .

زۆر لە گیراوەکان دەست درێژییان بۆ دەکرێ. بە گوێرەی ئاگاداریەکی کە ئەمنێستی وە دەستی هێناوە ، کوڕێکی چاردە ساڵە و دوو پیاوی بە ساڵا چوو ، لە گەڵ ئەفسەرێکی ئەرتەشی پێکەوە لە حەساری زیندانی ئەوین گولـلە باران کراون. گولـلە باران کراوەکان ئەندامی ڕێکخراوەکانی دژی ڕێژیم بوون . تەنیا لە نیوەی دووهەمی ساڵی ١٩٨١ دوو هەزار و چوارسەدو چل و چوار کەس ئیعدام کراون . لاوی لە ١٨ ساڵ کەمتر و تەنانەت ١١ ساڵەش لە نێو کوژراوەکان دا دەبینرێن . لە بەر ئەوەی کە گیراوەکان زۆر جار بە نهێنی دەکوژرێن ، ژمارەی ئیعدام کراوەکان بەڕاستی دیار نیە. لە ساڵی ١٩٨٦ دا ڕێکخراوی ئەمنێستی ١١٠ ئیعدامی تومار کردوە . لە کاتێکا ژمارەی گولـلە باران کراوەکان گەلێك لەوە زیاترە بێجگە لە گولـلەباران و لە دارا-دان بەردەباران کردنیش شێوەیەکی دیکەی کوشتنە لە ئێران دا .

لە ڕاپۆرتی ڕێکخراوی نێو-نەتەوەیی لێ خۆشبوون دا گوتراوە : گرتنی لە خۆوە ئەشکنجە و ئازار-دان ، دادگای ناڕەوای و گولـلە-باران کردن بوتە شێوەی سەرەوسی حکومەتی ئیسلامی ئێران . زۆر لە گیراوەکان هەر بە بێ موحاکەمە ئیعدام دەکرێن . لە نێو چەند هەزار زیندانی سیاسی دا لە بەندیخانەکانی ڕێژیمی ئیسلامی نووسەرو ڕۆژنامە نووس و دوکتور و حقوق زان و ماموستاو خوێندکار و ژن و کرێکار لە ٧٠ ساڵەوە تا کەمتر لە ٢٠ ساڵی دەبینرێن .

ڕێکخراوی نێو نەتەوەیی لێ-خۆشبوون لەنامەیەك دا داوای لە کۆماری ئیسلامی ئێران کردوە کە واز لە شێوەی بێ ڕەحمانە و نائینسانی بینێ و دابوو شوێنی نێو نەتەوەیی مافی مرۆڤ ڕێز لێ بگری .

**پروفیسور جورج والد ماموستای زانستگای هالواردی ئەمریکا لە ڕۆژنامەی هیرالتریبون دا دەنووسی :**

" بە پێچەوانەی ویستی خەڵکی ئەمریکا لە سوودی چەك

بۆ ل ٥

# جنایەتی حکومەتی عیراق

بە بانناممەی بزووتنەوەکانی رزگار یخوازی نیشتمانی ولاتانی عەرەب

پاش ئەوەکە بەرەی نیشتمانی دیموکراتی عیراق(جود)لە دووبیر خەرمودا رای گشتی جیهانی لە جنایەتی حکومەتی بەعسی عیراق سەبارەت بە بۆمبارانی ناوچەکانی کوردستان بە چەکی کیمیاوی وگوا ستنەوەی خەلکی کورد بۆخوارووی عیراق و ویران کردنی گوندەکانی کوردستان، ئاگادار کرد، بزووتنەوەکانی رزگاریخوازی عەرەب لە بەیاننامەیەکدا دە نووسن :

"ئیمە بۆمباران کردنی گوندەکانی کوردستان بە گازی ژاراوی (گازی خەردەل) و شەری رەگەز پەرستانە دژی میللەتی بێتاوانی کورد مەحکوم دەکەین . گواستنەوەی هەزاران هاونیشتمانی بە زۆرە ملی بۆ ناوچەکانی خوارو وبۆ ئۆردووگاکانی تایبەتی، کردەوەیەکی درندانەی رێژیمی دیکتاتۆریە لە عیراق دا. ئیمە پارت و هێزەکانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی نیشتمانی عەرەبی، پشتگیری خۆمان لە خەباتی گەلی عیراق بە کورد و عەرەبەوە رادەگەیێنین و بێزاری خۆمان لەو شێوە نامرۆڤانە بەو رەوشتە شۆڤێنیانەیەی حکومەتی دیکتاتۆری عیراق بەرامبەر بە گەلی کورد لە کوردستانی عیراق دەردە برین. داواله حکومەتی عیراق دەکە ین کە واز لە بۆمباران و گواستنەوەی گەلی کورد بهێنێ و رێگا بدا بە رێکخراو و دەزگاکانی نێو دەولەتی کە یارمەتی بۆ قوربانیەکانی شەری کیمیاوی درێژ بکەن.

داوا لە ولاتە عەرەبیەکان دە کەین کە دەنگی بێزاری خۆیان دەر ببرن و تاوانی حکومەتی عیراق بەرامبەر بە گەلی کورد مەحکوم بکەن و پشتگیری خۆیان لە قوربانیەکانی شەری کیمیاوی رابگەیەنن و داوالە حکومەتی عیراق بکەن کە بۆمباران و گواستنەوەی کوردەکان واز لێ بێنێ"

بەرەی نیشتمانی بەحرەین
پارتی کومونیستی میسر
کۆمەلەی نیشتمانیەکانی میسر لە دەرەوەی ولات.
بەرەی نیشتمانی رزگاریخوازی عومان
پارتی کومونیستی ئۆردون
بەرەی رزگاریخوازی نیشتمانی بەحرەین
بەرەی خەباتی گەلی فەلەستین
بەرەی دیموکراتی رزگاریخوازی فەلەستین
بەرەی گەلی بۆئازادی فەلەستین
رێکخراوی بەرەی نیشتمانی ئۆردون
رێکخراوی بەرەی دیموکراتی لە ئۆردون
بەرەی نیشتمانی رزگاریخوازی فەلەستین سەرکردایەتی گشتی
پارتی کومونیستی عەرەبستانی سعودی.

بۆ ل ٨

# ١٠ ساڵ بەسەر کۆچی دوایی مامۆستا گیوی موکریانی
## ١٩٠٣ - ١٩٧٧



"مرۆڤ بە نرخترین سەرمایەی جیهانە. سەرمایەی مرۆڤیش کار و رەوشت و تێکۆشان و خزمەت گوزارستی بۆ میللەت و مرۆڤایەتییە"

ئەم ساڵ ١٠ ساڵە کە مامۆستا **گیوی موکریانی** ماڵئاوایی لێکردووین ، گیانی بە خاکی نیشتمانە پارچەپارچە کراوەکەی ئەسپارد ،ئاواتی هەلهاتنی رۆژی ئازادیکوردستانی بردە ژێر گڵ.

**مام گیو** ناوی عبدالرحمن کوری عبداللطیف ساڵی ١٩٠٣ لە سابلاغ لەدایك بوە. لەتەمەنی ١٢ ساڵیەوە سابلاغی بەجێ هێشتوە لەگەڵ سید حسین حوزنی موکریانی برایکەوتوە بۆسوریا لەساڵی ١٩١٥ هەرچەندە منا بوە،بەلا هاریدەدەری مامۆستا حوزنی بوە لە دامەزراندنی چاپخانەیەکی کوردی لە حەلەب.واتە لەو ساڵەوە ژیانی بە ستراوەتەوە بە چاپ و رۆژنامەگەری کوردی.لەساڵی ١٩٢٦ - ١٩٣٢ دوای گەرانەوەیان بۆکوردستانی عیراق و دامەزراندنی چاپخانەی" زاری کرمانجی" لەرواندوز ، مامۆستا گیو ئەرکی بەرێوە بەرایەتی "زاری کرمانجی" خراوەتە ئەستۆ. مامۆستا گیوی کورد پەروەر، هەموتواناو ژیانی بۆخزمەتی زمانو ئەدەبیاتی گەلی کورد تەرخانکرد بوو.لە هەر شوێنێك دەست نووسی یا پەراوەکی کورد وەچنگ کەوتبێ کۆی کردوتەوە و لە فەوتان رزگاری کردوون. بەمەش رانەوەستاوە بەلکو شەو نخوینی کردوە بۆ بلاوکردنەوەی زمان وئەدەبی کوردی. لەساڵی ١٩٣٥ - ١٩٣٦ الە هەولێرلەگەل سەید حوزنی براو شێت مستەفاگۆڤاری" روناکی "یان بلاو کردوتەوە. خەریکی بوژانەوەی زمان ومیراتی نەتەوایەتی کورد بوە . لەدوایکۆچی سەید حوزنی برای ساڵی ١٩٤٧ ئەرکی چاپخانەی گرتوتە سەرشانی

بۆ ل ٨

# بزووتنەوەی خوێندکارانی کورد لە دەرەوەی ولات

خەباتی خوێندکاران و لاوانی کورد لەگەل بزووتنەوەی خوێندکاری لە ولاتانی سەرمایەداری یا خەریك بوژانەوە فەرقی هەیە . هەر بۆیەش ئەرکی قورس ترو گرینگتر دەکەوێتە سەر شانی خوێندکاران و لاوانی کورد لە ژوورەوە یا لە دەرەوەی ولات .

خوێندکارو گەنجی کورد لە هەل و مەرجێك دا دەژی کە ولاتەکەی لە نێوان چوار حکومەتدا دابەشکراوە . تەنانەت بە ناوی نیشتمانەکەی خوی کە کوردستانە ناو و نیشانیشی نیە. نەك هەر ئەوە بەلکو گەلەکەی لە هەموو مافێکی نەتەوایەتی بی بەشکراوە. لە لایەن سێ حکومەتی دیکتاتورو شوڤێنی کەوتوتە بەر پەلامارو ولاتەکەی کراوە بە مەیدانی شەرێکی رانەگێنراو. کوشتاری بە کومەلی خەلکی بێتاوان ، بەندیخانەو لە داردانی لاوان جوولگردنی کوردستان و راکوێستنی خەلك، بۆتە سیاسەتی رۆژانەی حکومەتە داگیرکەرەکانی ئێران و عیراقو تورکیا . لە راستیدا ئێستا سیاسەتێکی ژینوسیدی لە ئاست گەلی کورد بەرێوە دەچێ .

لەو هەلو مەرجەدا گەنج و خوێندکاری کورد لە دەرەوەی ولات بەر لە هەموو شت ئەشی بیر لەوە بکاتەوە کە نیشتمانەکەی ، نەتەوەکەی لە چ حالێك دایە. ئەو وەك رۆلەی ئەو میللەتە دەبی چ بکاو ئەرکی سەرشانی کامەیە ؟ بیر لەوە بکاتەوە کە بۆچی هاتوتە دەروو یان بۆچی ناچار بوە نیشتمان و کەس و کاری خوی بەجێ بێلی و ئاوارەی هەندەران بی .

راستە خوێندکارو لاوی کوردیش وەکو رۆلەی هەموو میللەتی تر بارو دۆخی کومەلایەتی و جینایەتی جیاواز بیان هەیە. بمانەوێ و نەمانەوێ ئەم بارو دۆخە کار دەکاتە سەر بیرو باوەڕو بۆچوون و لێکدانەوەی مەسەلەکانی سیاسی و کومەلایەتی ئەوان . بەلام شتێکی تر لەوانە گرینگتر کە جێگای باسە و بۆ لێکولینەوە دەبی ، قوناخی ئێستای خەباتی رزگاریخوازی کوردە. لەم قوناخەدا خەبات بۆ رزگاری و بۆ وەدەس هێنانی مافی رەوای نەتەوایەتی هەر لەو کاتەشدا خەباتە دژی چەوسانەوەو کونەپەرستی و دەرەبەگایەتی و دژی ئیمپریالیزم.

ئەگەر ئەم راستیە لەبەر چاو بگرین کە هیچ یەك لەو دەستەو تاقمانەی سەر بە چینی جیاوازی کومەل ، یا خاوەنی بیرو باوەری جیاواز ناتوانن بە تەنیاو بە بی پشتیوانی کومەلانی هەراوی خەلك و بە بی هاوکاری لەگەل یەکتر لەو مەیدانەدا سەرکەون ، ئەوەدەم هیچ رێگای دیکەمان نامێنی تەنیا ئەوە نەبی کە یەك بگرین و رێك بکەوین و بە هاوکاری و بە یەکیتی تا پلەی سەرکەوتن خەبات بەرێوە بەرین.

بۆ ل ٨

پاشماوەی ل ٢ ،

## مێژوو . . .

زمان و کولتورو مێژوو خاك، حاشا دەکا، لەو کاتە دا کە تەنیا لە سەر داوای مافی خودموختاری پتر لە ٥٠ هەزار کەس کوردی کوشتوە و هەزاران خاوو خێزانی کوردی ئاوارە و دەربەدەری هەندەران کردوە ، لەو کاتە دا کە هەموو شوێنەوارێکی دیموکراسی و هەموو دەنگێکی ئازادیخوازی لە سەرانسەری ئێران و لە کوردستانیش بە تانگ و توپ و پێ شێل و کپ کردوە، لە کاتێکا کوردستانی کردوتە موڵکە و بنکەی لەشکری داگیرکەر و ژیانی ئاسایی خەلکیش خراوەتە ژێر کونتروڵ و چاوەدێری پاسدارانی دژی ئیسلام، دەیەوێ خۆی بە خەم و خۆر و دۆست و پشتیوانی کوردەکانی دەرەوە لە ئەو دیوی سنوورم نشان بدا .

دەیەوێ ئیسلام بە شێوەی " ولایەتی فەقیە " لە کوردستانی عێراقیش سەقام گیر بکا . بەڵێ مێژوو دووپات دەبێتەوە .

لێ ورد بوونەوەی ئەم سیاسەتە چەپەل ( فیلاویەی ئاخوندی زۆر کەلەبین و قوژبنی داپوشراومان بۆ روون دەکاتەوە . ئەم سیاسەتەو هەڵوێستە قەت ناتوانێ بە قازانجی جوولانەوەی رزگاریخوازی نەتەوەی کورد بێ .

ڕێژیمێکی لە وڵاتەکەی خۆی دا هەموو شوێنەوارێکی ئازادی و دیموکراسی کوێر کردبێتەوە . هەموو حیزب و ڕێکخراوێکی سیاسی دیموکرات و پێشکەوتووخوازی قەدەغە کردبێ ، زیندانەکانی وڵاتی لە ئازادیخوازانی ئاخنی بێ و گرتن و راونان و ئیعدامی ئازادیخوازانی ئێران کردبێتەوەی ڕۆژانەی کاربەدەستانی بێ .

ڕێژیمێکی جوولانەوەی رزگاریخوازی کوردی لە وڵاتەکەی خۆی لە خوێن دا نوقم کردبێ ، چۆن دەبێتە دڵسوز و پشتیوانی جوولانەوەی کورد لە عێراق و یا لە بەشێکی دیکەی کوردستان . ڕێگا دان بە بڵاو کردنەوەی گوڤارێکی ئەدەبی و فولکلوری لە ژێر زەختی هێزە دیموکراتەکانی کوردستان و بۆ فریوو چاو نوساندنی کۆمەلانی خەلك ، یا یەك دوو ڕۆژنامەی سەر بە چەند حیزبی کوردیش بیخەنە بەرچاو ، هیچ شتێك لە سیاسەتی کونەپەرستی و شوڤینیستی و دژ بە کوردی ڕێژیمی ئاخوندی ناگۆڕێ و جنایەتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان ناشواتەوە .

لە سەڵەکە روونە ! خەباتی گەلی کورد لە کوردستانی عێراق بە تایبەت پاش پێك هاتنی بەرەی نیشتمانی دیموکراتی عێراق " جود " گەیوەتە پلەیەکی بەرزترو و بوتە بزووتنەوەیەکی بەرینی نەتەوەیی و نیشتمانی . جوولانەوەی کوردستانی عێراق سەبارەت بە وەزعی تایبەتی کوردستان و دابەش کردنی کورد لە نێوان چەند دەوڵەتان دا ، وە بوونی سەروەت و سامانی نەوت لە خاکی کوردستان و جەوهەرو نێوەرۆکی پێشکەوتووخوازانەی جوولانەوەکەی ، سەرنجی دەوڵەتانکانی دراوسێ و تەنانەت ئیمپریالیست و حکوومەتە دەسنیژەکانیش، بۆ لای خۆ ڕاکێشاوە .

بە سوسیال دیموکراسی ڕۆژئاواشەوە دەیانەوێ بە جۆرێك دەست بخەنە نێو جوولانەوەی رزگاریخوازی کوردو لووتی تێ بژێنن و جێ پێیەکی بۆ خۆیان لە نێو جوولانەوە دا بدۆزنەوە .

ئەگەر نەش توانن شۆڕشی ئازادیخوازانەی کوردستان سەرکوت بکەن ، هەر نەبێ وای لێ بکەن لە ڕێگای ڕاستی خۆی لابدەن. باری شۆڕشگێری و پێشکەوتووخوازانەی بێسەوبەر بکەن بە جوولانەوەیەکی بێ خاسیەت و جوولانەوەیەکی ئەوتۆ کە زیان بە بەرژەوەندەکانیان نەگەیەنێ . ب. ر. ا

بۆ ل ٧

پاشماوەی ل ٣ ،

## بزووتنەوەی . . .

دیارە ئەم ڕێك کەوتنە بەو مانایە نیە کە کەس واز لە بیرو باوەری سیاسی و دنیا بینی خوی بێنی . بەڵکو بەو مانایەیە کە لە مەیدانی خەباتی سیاسی دا دژی دوژمنی هاوبەش پێکەوە کاربکەن یەك هەر ئەوە لاوان و خوێندکارانی کورد بۆ گەیشتن بەو ئامانجە پێویستە لەگەڵ ڕێکخراوە پێشکەوتووخوازو دیموکراتی خوێندکارانی وڵاتانی ئێران و عێراق و تورکیاو سووریاش هاوکاری بەرێك و پتەویان هەبی و ئەوانیش بۆلای پشتیوانی لە خەباتی ڕەوای خۆیان ڕابکێشن .

خوێندکاران و لاوانی کورد لە دەرەوەی وڵات هێزێکی بە تەوژم و توانایەکی لەبن نەهاتوویان هەیە . بیجگە لەو خوێندکارانەی کە ساڵەهایە بۆ خوێندن هاتونە دەر ، لەو ساڵانەی دوایی‌دا هەزاران خوێندکارو گەنجی کوردیە ناچاری وڵاتیان بەجێ هێشتووە ئەوانە بژاردەی کۆمەڵی کوردەوارین و هیوای داوڕۆژی کۆمەڵن . ئەگەر ئەم هێزە بە تەوژمە لە کۆمەڵێکی دیموکراتی خوێندکاریدا کۆ ببێتەوە ، بێگومان دەتوانی خزمەتی گەورە بە فەرهەنگ و ئەدەب و زمانی کوردی بکا ، دەتوانی مێژو و خەباتی رابردووی کورد بە ئورووپا بناسێنی ، دەتوانی مەسەلەی کورد وەك مەسەلەی میلەتێکی بیست میلیونی دابەشکراو بۆ بیرو ڕای گشتی ئورووپا روون کاتەوە . دەتوانی سەرنجی کوڕو کۆمەلە دیموکراتەکانی ئورووپا بۆ خەباتی ئەووری گەلی کورد ڕابکێشی . دەتوانی یارمەتی گرینگ بە خەباتی ئێستای نەتەوەکەمان بکا . دەتوانی بۆ زیانی کوردەکانی ئاوارەو خوێندن و فێرکردنیان هەنگاوی گرینگ باوێژی زۆر بە داخەوە دەتوانین بڵێین کە خوێندکاران و لاوانی کورد لە دەرەوەی وڵات نەیانتوانیوە وەك پێویستە ئەرکی سەرشانی خۆیان بەجێ بگەینن . نەیانتوانیوە ولامدەری ئەو هیواو ئاواتە بن کە گەلەکەمان لە ژێر بومبارانی دوژمن دا چاوی تێ بڕیوە . ئەم هێزە بە تەوژمە پارچە پارچە بووەو هەر پارچەی بەستراوەتەوە بە سیاسەتی حیزبێکی سیاسی لە وڵاتدا ،ئەوەش خوی کاری کردوتە سەر ڕەوەندی بزووتنەوەی یەکگرتوی خوێندکاران و هێزێکی زور بە زایە چوە .

خوێندکارانی کورد لە دەرەوەی وڵات دەتوانن لەگەڵ پاراستنی پەیوەندی حیزبی و ڕێکخراوەیی خۆیان لە کۆمەلێکی گشتی خوێندکاریدا کۆ ببنەوەو لەم بواردا تەنیا بەرژەوەندی گشتی جوولانەوەی کورد لە بەرچاو بگرن و لەو ڕێگایەوە کۆمەك بە جوولانەوەی رزگاریخوازی کورد بکەن .

بۆ ل ٧

پاشماوەی ل ٢

### مافی مرۆڤ لە . . .

فروشتنی نهێنی ئەمریکا بە کۆماری ئیسلامی ئێران ، کەم کەس دەیەوێ بزانی ئەو چەکانە لە ئێران دا بۆچی بەکار دێن . لە بەندیخانەو شەقامەکان یا جەبهەی شەردا . پاسدارانی خومەینی هەروا حکومەتی کوشتارو ترس درێژە پێ دەدەن . لە هیچ قوژبنێکی دنیا بە قەدەرایی کۆماری ئیسلامی مافی مروڤ نەکەوتوتە بەر پەلامارو پێ شێل نەکراوە هەزاران ئێرانی تەنیا بە تاوانی هەبوونی بیرو باوەری جیاواز گوللە باران کراون . هەزاران کەس بە تاوانی دژایەتی ڕێژیم لە بەندیخانەکان دا لە هەلّ و مەرجی خەفەتباردا دەژین .

ئەو کەسەی بەیاننامەیەك دژی حکومەت بڵاو بکاتەوە ، بە تاوانی " شەر لە گەڵ خودا " و " مفسد فی‌الارض " گوللە باران دەکرێ . هەموو ئازادی و دەرەتانی کۆمەلایەتی لە ژنان تەنگە بەر کراوە . ئەو ژنانەی جلی " ئیسلامی " نەکەنەبەر ، بۆ ئوردوگای کاری ئیجباری دەنێردرێن . ئەشکنجە بە شێوەی بیر لێ نەکراوە لە کۆماری ئیسلامی دا باوە . لێدان و دەس درێژی بۆ گیراوەکان مەشقی ڕۆژانەی پاسدارو بەندی وانەکانە . لاوان لە سینەماو شەقام و نێو ئوتوبوسان دەگرن و بۆ مەیدانەکانی شەریان دەنێرن . پروفیسوری ناوبراو دەنووسێ حکومەتی ئەمریکا بە ناردنی چەکی بە دزی بۆ ئێران چاو لەو ڕاستیە دەپۆشێ کە ئێستا تەواوی خەلکەکانی لە لایەن حکومەتی ئێرانەوە دیل کراون .

ئەمریکاییەکان کە نایانەوێ دەستیان لەو جنایەتانە دابێ پێویستە چیتر بێ دەنگ نەبن ، بێ دەنگی لە ئاست ئەم جنایەتانە وەك بەشداری لە تاوان دا وایە .●

# پیشمەرگەم ٠٠٠ من

هەلۆ

پێشمەرگەم من٠٠٠٠٠
نە تۆپ ، نە گوللە نە ئاسن
نە رەشاشی دەستی دوژمن،
نە فرۆکەی بۆمبا تەقێن
نە ناپالمی ئاگر پڕژێن
ناماترسێنێ،
لە خەباتا نام بەزێنێ
گیان لە بەر بمخاتە گۆڕێ،
رێگای راستم پێ ناگۆڕێ
بە پەیمانی من ، سوێند خۆری من
بۆ میللەتم دڵسۆزیە ،
تاکو مردن ، پێشمەرگەم من
٢
بەهار لە قەد پاڵی کێوا،
لە بەرزیا ، لە نشێوا
هاوین ، بە تین ، دوور لە بەزین
پایز ، لە گەڵ گەڵا رێزان ،
تاکو زستان
لە سەر لوتکەی چیای بەفرین ،
ماندوو نە بووم،
پاسەوانی ئەم خاکە بووم
لە شاڵاوی پیسی دوژمن ،
بە پەیمانی من ، سوێند خۆری من،
بۆ میللەتم دڵسۆزیە ٠٠
تاکو مردن
پێشمەرگەم من ٠٠٠ پێشمەرگەم من
٣
منیش وەکو ، ئەوەی پێشوو،
وەکو باو وباپیرانم
روح و گیانم، فیدا ئەکەم،
هاوار ئەکەم
بە لاماردەر ئەبەزێنم
ئەیرەوێنم
هەقی زەوتکراوی کورد ،بە نرخی خوێن
بە خەباتی زۆردار بەزێن ،
دەست ئەهێنم
بۆ گەلی من
بە پەیمانی من ،سوێند خۆری من
بۆ میللەتم دڵسۆزیە
تا کو مردن
پێشمەرگەم من ، پێشمەرگەم من
٤
دەنگی ئازاد ، دەنگی رەوا
چریکەی داد ، ئەبێ کەرکا
گوێچکەی بێ داد
ئەبێ تاوانباری خوێن رێژ،
چنگی پیسی ، دەستی بێ نوێژ
لە پەخەی کورد بەر داتەوە
چنگ بە گریژ، نینۆك دریژ،
مێردە زمەی ئارەق نە رێژ
باش تێ بگا لە سۆزی من ،
بە پەیمانی من ، سوێند خۆری من
بۆ میللەتم دڵسۆزیە
تاکو مردن
پێشمەرگەم من ، پێشمەرگەم من
٥
بۆ ئەوانە کە بێ شەرم،
وەك هولاكۆ درندانە دێنە سەرم
لە ناو تاریکایی شەوا ،
کە بێ خەبەر والە خەوا،
ماڵ و دێهات ئەسووتێنن
کۆرپەم لە خوێن ئەگەوزێنن،
خەو لە چاوان ئەتۆرێنن
بۆ ئەوانە،
تا ئەم خاکە ، ئەم بەهەشتی
کوردستانە ،
گۆرستانە ٠٠٠ جێگای مردن ،
بە پەیمانی من ، سوێند خۆری من
بۆ میللەتم دڵسۆزیە
تاکو مردن
پێشمەرگەم من ، پێشمەرگەم من
٦
بە ستەی بەرزی هیوا داریم
سەرکەوتنم بۆ باس ئەکا ،
گوێی ناحەزانم کاس ئەکا
گیانم لە سەر لە پێی دەستم ،
قوربانیە بۆ مەبەستم
تا سبەینێ :
مژدەی شادی بۆ کورد بێنێ،
بۆ سەرکەوتن
بە پەیمانی من ، سوێند خۆری من
بۆ میللەتم دڵسۆزیە ●

هەواڵنامەی کتێب

پاشماوەی ل ٦

## باری کورد لە تورکیا

نووسەر چەند بەڵگەیەکی مێژوویی نیشان دەدا کە چۆن کوردەکان لەسەردەمی حوکمی عوسمانی دا یارمەتی ئەو بولگارانەیان کردوە کە دوورخراونەوە و هەروەها بۆ زیاندنەوەی جێژنی نەتەوایەتی بولگار ، جێژنی " گیرێل میتۆد"ی کە هەموو ساڵی ٢٤ مانگی مای دەگیرێ ، یارمەتی بولگاریان داوە.

لەم بارەوە دەنووسێ :" بنچینەی پێوەندی دۆستایەتی کورد و بولگار دەگەرێتەوە بۆ سەردەمی تێکۆشانی هاوبەشیان دژی دیلیەتی دەستی تورکەکان. لەوکاتەدا شۆرشگیرانی کوردیش دوور دەخرانەوە بۆ شوێنە دوورەکانی بولگاریا . بۆ نموونە ساڵی ١٨٤٧ میربەدرخان بۆ فارنا دوورخرا۔ بۆوە . خان مەحمود بۆ وان و بۆ سیلیسترا ، حوسێن بەگی دەرسیم بۆ شاری قیدن ساڵی ١٨٦٣.

لە ساڵی ١٩١٩وە کە مستەفا کەمالی " ئەتاتورك" کرا بە پشکنێری لەشکری ٩ و لە شکری ٣ ، بناغەی سیاسەتی دوژمنکاری کەمالیەکان دژی کورد دارێژراوەو تا ئێستاش بە توندو تیژی درێژەی هەیە.

نووسەر باسی سەرکوتکردنی راپەرین و شۆرشەکانی کورد دەکاو دەنووسێ : دوای شۆرشی شێخ سەعید (١٩٢٥) ٢٠٦ گوندی کوردستان سووتێنرا و ٨٧٥٨ خانوو وێران کران ، ٢٥٠هەزار کەسیش قەتل عام کرا .

لە سالانی شەری دووهەمی جیهانی دا ، لە ٥٠ دیڤیزیۆن لەشکری تورکیا ٣٦ یان لە کوردستان راگیرا بوون و ئامادە کرا بوون کە ستالینگراد پەلامار بدەن . ئەو لەشکرانە ئێستاش بۆ سەرکوتکردنی درندانەی بزووتنەوەی کوردەکان لە کوردستانی تورکیا راگیراون .

نووسەر لەسەر ئەو باوەرەیە کە بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد لە عیراق و ئێران ، ساڵەکانی ١٩٤١۔٤٦ لە بەر هەبوونی لەشکری تورك لە کوردستانی تورکیا ، نەیتوانی یارمەتی و پاڵپشتی راستەقینە لە کوردستانی تورکیا وەربگرێ.

نووسەر دێتە سەر باسی گواستنەوە و دوور خستنەوەی کوردەکان و دەنووسێ .

سەرکوت کردنی راپەرینەکانی کورد و گواستنەوەیان بۆ ناوچەکانی تر ،بەو مەبەستە بوە کە نەهێڵن ژمارەیان لە هیچ ناوچەیەك لە چاو ترکەکان لە سەدی ١٠ تێ پەرێ . ئەم سیاسەتە هەر بەردەوامە. لە هەشتاکانیش ئەوانەی لە حەکاری گوێزراونەوە ، ژمارەیان کەمترە لە ٦٠ ( شیست ) هەزار کەس. لەکاتێك دا ژمارەی زەو وزوو لە نێو کوردەکان بەرزترە ولە چاو ترکەکان دەگاتە ٣٣٪ لەگەڵ ئەوەشدا لە بەر کوشتن و گواستنەوە لە کوردستان ژمارەیان لە کەمی دایە . زمانی کوردی لە ساڵی ١٩٢٤ەوە قەدەغە کراوە و کوردەکان بە " تورکی شاخاوی" ناو دەبەن و لە زمان و نووسراوی تورکیا دا ناوی کوردو کوردستان نابەن.

پاش کودیتای ساڵی ١٩٦٠ لە تورکیا خەباتی کوردەکان بەدوو شێوە پەرە دەستێنێ :

ـ شێوەی هاوکاری لەگەڵ هێزە چەپەکانی تورکیا .

ـ بە شێوەی سەربەخۆ

کوردەکان لە رێکخراوە چەپەکانی تورکیا دا بەشداری دەکەن . وەك پارتی کرێکارانی تورکیا کە لە پارلمانیش دا بەشدار بوو ، دیفاعیشی لە بەرژەوەندی کورد دەکرد . پارتی کرێکارانی تورکیا لە کونگرەی ساڵی ١٩٧٠ ، سەبارەت بە مەسەلەی کورد بریاری تایبەتی وەرگرت هەر بۆیەش کاربەدەستانی تورکیا ئەو پارتەیان هەڵوەشاندەوە .

بەشداری کوردەکان لە رێکخراوە چەپەکانی تورکیا دا ، بوو بە هۆی ئەوە کە کوردستانی تورکیا ببێتە مەڵبەندێکی سەرەکی بۆ ئەو رێکخراوانە بووژاندنەوەی بزوتنەوەی نیشتمانی ساڵەکانی ٦٠ کوردستانی تورکیاشی گرتەوە .

کودیتای ١٩٧١ لە دژی هێزە چەپەکانی تورك و کورد ۔ رێکخرا .

نووسەر دێتە سەر باسی حیزب و رێکخراوە کوردیەکان لە کوردستانی تورکیا و لە دەرەوەی وڵات و دەنووسێ: " رێکخراو و پارتیە کوردیەکانی کوردستانی تورکیا رێباز و سروشتی دژی ئیمپریالیستی یان هەیە . لە نێو هێزی پارتەکان دا رێبازی دژی کوموونیستیش دەبینرێ ، بەلام ئەو رێبازە کز و لاوازە . لە نێو پارتەکانی کوردستانی تورکیا دا ناتەبایی و ناکۆکی هەیە و بۆتە هۆی لەت بوون و جیا بوونەوە.

پاشان نووسەری وتار دێتە سەرباسی و لێکۆلینەوەی وەزعی ئابووری و کۆمەڵایەتی کوردستانی تورکیاو دەنووسێ : ٧٢٪ لە گوندەکان دا دەژین و بە کشت و کاڵەوە خەریکن .

٣٨٪ خێزانەکانی گوندی لە زەوی و کێڵگە بێ بەشن .

لە باری پیشەسازیەوە کوردستانی تورکیا دواکەوتووترین ناوچەی تورکیایە ٥/٦٪ پیشەسازی لە کوردستان وەکار ۔ خراوە. بەرهەمی پیشەسازی لە کوردستانی تورکیا تەنیا ٣/٥٪ بەرهەمی گشتی تورکیایە . سوودی بەرهەمی کوردستانی تورکیا بۆ ناوچەکە بەکار ناهێنرێ و بۆ شارە گەورەکانی رۆژئاوای تورکیا دەچێ .

بۆ ل ٧

## ١٠ ساڵ بەسەر کۆچی ...

خۆی، ناوی چاپخانەکەشی ناوە " کوردستان". واتە لە ماوەی ٣٠ ساڵی رەبەق دوای کۆچی سەید حوزنی ماموستا گیو کۆڵی نەداوە لە پێناو پەرە سەندنی زمان وئەدەبیاتی کوردی. لەو ماوەیەی کە ئەرکی چاپخانەی گرتبوە ئەستۆ نزیکەی ٣٥ دیوانی شاعیری کلاسیکی کوردی چاپ و بڵاو کردوتەوە و پێشەکی بۆ نووسیون. جگە لەوە لە ساڵی ١٩٥٤ - ١٩٦٠ گۆڤاری "هەتاوی" دەر کردوە کە تاداخستنی لەلایەن ریژیمی قاسمەوە ١٨٨ ژمارەی لێ دەرچوە . بێگومان هەر لایەنێك لە بەندەکانی خزمەت گوزاری ماموستا گیو بۆ زمان و ئەدەب و کەلەپوری نەتەوایەتی پێویستیان بە لێکۆ- لینەوەی فروان و زانستی هە یە. چونکە سەرچاوەی بێ نەهاتوون بۆ لیکۆلینەوەی زمان و ئەدەب ومێژوی کورد . بێجگە لەوە چەندان پەرتوو کی بە نرخ وچەند فەرهەنگی کوردی عەرەبی، عەرەبی - کوردی..کە هەزاران وشەی کوردیان تێدا تومار کراوە وبونە قورئانی سەر مێزی. هەموو روناکبیریکی کورد .

ماموستا لە ژیانیدا ئەم بەرهەمانەی خۆی چاپکردوە :

١ - فەرهەنگی رابەر المرشد عەرەبی کوردی

٢ کوڵکە زێرینە - کوردی فار سی - عەرەبی - فرنسی - ئینگلیزی

٣ - فەرهەنگی مەهاباد کوردی عەرەبی

٤ - چۆن بە سێ مانگ زمانی کوردی بە بێ ماموستا فێر دەبی .

٥ ئەلف و بێ ی لاتینی

٦ - بە کێتی نووسین، سەرەتای بە کێتی زاراوەکانمان

٧ گیو نامە

٨ - ناوی کچ و کورانی کوردی

لە ماوەی ٢٠ ساڵی دوایی ژیانی دا خەریکی ئامادەکردنی درو- فەرهەنگی کوردی قەوارە گەورە و- فروان بووە کە گەنجینەی زمانی کوردی بە هەموو دیالێکتەکانیەوە تێدا شوێنی خۆ بگرن. بە لام بە داخەوە مردن رێگای نەدا چاپیان بکا . ماموستا گیو لە سەر بیری کوردایەتی ودڵسوزی بۆ کورد تووشی ئازار و ئەشکنجە و زیندان و دوور خستنەوە هاتوە، بەلام قەت نە بەز یوە و سەری بۆ دوژمن شۆر نەکردوە هەر دەرفەتیکی دەست کەوتبێ بە کاری هێناوە بۆ خزمەتی کورد و کو- لتوری کوردی.

ماموستا گیو مرۆڤێکی سادە و سا کار و بێ فرو فێڵ بوو . مە بەست و ئامانجی لە ژیان دا خزمەتی نە تەوەکەی و سەر فرازی کوردستان بوو . هەندێ جار دڵسوزی بۆ زمانی کوردی تووشی هەڵەی کردوە و دەستکاری شیعرە کلاسیکیەکانی کردوە و لە جیاتی وشەی بیگانە، وشەی کوردی داناوە . هەر چەند ئەوە لە گەڵ ئەمانەتی زانستی ناگونجێ، بەلام ئەو لە روانگەی خزمەتی زمان و بێ نیشاندانی دەوڵەمەندی زمانی کوردیەوە کردوویەتی .

سڵاو لە گیانی پاکی ماموستا- گیوی موکریانی نووسەر و رۆژنامە نووس.

بەرزی و نە مری بۆ شەهیدانی وشەی رەسەنی کوردی ●　بروسك

پاشماوەی ل ٧ **بزوتنەوەی...**

ئوڤینی و حکومەتە دیکتاتورەکانی زاڵ بە سەر کوردستاندا هیچیان هەڵ نەوبری.

دیارە ئەوە بەو مانایە نیە کە بلێم ریکخراوێکی خوێندکاری کە سەر بە حیزب و ریکخراوەیەکی سیاسی کوردیە ، لێ هەڵگەرێتەوەو یان لە سیاسەتی ئەو حیزبە لابدا . ریکخراوی خوێندکاری کە سەر بە فلان حیزبی سیاسیە، دەتوانی بۆ کارو باری حیزبایەتی پەیرەوی لە سیاسەتی حیزبەکەی خۆی بکا . بەلام وەك ریکخراوی خوێندکاری ، ریکخراوێکی سینفیە دەبی بەرژەوەندی گشتی نەتەوەکەی لەبەر چاو بی . ریکخراوی خوێندکاری ئەگەر سیاسەتێکی فراوانی راست و باش بگرێتە پێش دەتوانی بەشی هەرە زۆری خوێندکاران و لاوان لە ریزی خویدا کۆ بکاتەوە. زۆر لە خوێندکارو لاوی کورد لە ئوروپا ئەندامی هیچ حیزب و ریکخراوێکی سیاسی نین . ئەگەر کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد خۆ بکاتە ریکخراوێکی حیزبی و سیاسەتی فلان حیزب بەریوە بەری، ئەو دەم ئیتر ناتوانی خوێندکاران و لاوانی غەیرە حیزبی بکێشێتە ریزی تێکوشان و پەروەردە کردن و بۆ خەباتی بەردەوام ئامادەیان بکات.

لەو بارەوە تاقی کردنەوەمان بە دەستەوەیە . کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئوروپا پاش سێ ساڵ نەیتوانیوە ببێتە کۆمەڵەیەکی خوێندکاری کوردستانی . بە داخەوە پارچە پارچە بوەو هەر پارچەیەك لە چوارچێوەی سیاسەتی حیزبێك دا قەدتیس ماوەتەوە .

خەباتی رزگاریخوازی نەتەوەکەمان لە قۆناخێکی دژواردا تێدەپەری . لاوان وخوێندکارانی کورد لە دەرەوەی وڵات ئەرکێکی گرینگیان بە ئەستۆیە .

هیوادارم بتوانن بە سەر بەرزی ئەرکی خویان بەجی بگەینن و ببن بە نوێنەری راستەقینەی لاوان و خوێندکارانی کوردستان .

**ئەم وتارە لە سیمینارێکی کومەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئوروپا (مەرکەزی پرالد) لە لایەن کاك کەریمی حیسامی خوێندراوەتەوە . ●**

پاشماوەی ل ٤ جینایەتی ...

لە بانگەوازەکەدا داوا کراوە کە هاو- کاری خوتان رابگەینن حکومەتی عیراق وا لێ بکەن کە دەست لەم پەلامارە دڕندانە هەڵ بگری. نو- ینەرانی خوتان بۆ ناوچەکانی کورد- ستان بنێرن و لە بارو دوخی هەزا- ران کوردی بێتاوان کە گەماروی ئا- بووری و برسیەتی و نەمان هەرەشە- یان لی دەکا ئاگادار بن . ●

پاشماوەی ل ٣

## جینایەتی حکومەتی عیراق

رۆژەکانی ٢٨ و ٢٩ ی مانگی جۆزەردان حکومەتی بەعسی فاشی جینایەتێکی دیکەی خستە سەر لاپەرەی رەشی کردەوەکانی . ئەم جار شاری سەردەشتی بە گازی کیمیاوی بۆمباران کرد . لەو جینایە تەدا سەدان کەس کوژران و پتر لە هەزار کەس بریندار بوە .

هە ر لە و سەر و بە ندیش داحکو مە تی کۆنە پەرستی ئیسلامی ئێران شارەکانی حەلەبجە و پێنجوین و سەید .ادق و گوندەکانی کورد- ستانی عیراقی تۆپ باران کرد .

ئەوە جاری یەکەم نیە کە شارەکانی کوردستانی ئێران بە ئانقەست لە لایەن لەشکری عیراقەوە بۆمباران دەکرێن. حکومەتی بەغدا باش دە- زانێ کە سەردەشت وبانە ومەریوان ومەهاباد وسنە، نە مەرکەزی زەخیرە و هێزی پاسدار وبەسیج، لەشکری ئێرانن ونە لەگەڵ حکومەتی عیراق لەشەڕدان . ئەوەنیە هێزە سیاسیەکانی کوردستانی ئێران لە گەڵ سەددام لە سەنگەرێك دان و لە ویۆ دەیانەوێ ریژیمی خومەینی بڕوو خێنن؟ . راستیەکەی ئەوەیە حکومەتی بە عسی عیراق دوژمنی کوردەو بۆ ئەو فەرق ناکا کوردستانی ئە و دیو یا ئە م دیو . هەر کورد بکوژرێ و کوردستان ویران بکرێ. ریژیمە دیکتاتۆرەکانی عیراق و ئێران لە کورد کوشتن و کوردستان ویران کردندا فەرقیان نیە . تەنیا بارودو- خی سیاسی و نزمی وبەرزی خەبات سووکە فەرقێکیان دە خاتە نێو.

دیارە ئەو حیزب و ریکخراوانەی کە لە پەنا ئەم دوو ریژیمە کوردکوژەدا خەبات دەکەن،دەبێ باشتر لەم رازە ئاگادار بن .

* * *

### چۆڵ کردنی کوردستان

بەگوێرەی راگەیاندنی ریکخراوە دیموکراتیەکانی کوردستانی عیراق، حکومەتی بەغدا لە نیوەی مانگی ئەپریلەوە ٩٨٢ گوندی کورد- ستانی ویران کردوە ٢٨٠ گوندی بە چەکی کیمیاوی بۆمباران کردوە. کە بوتە هۆی کوژرانی دەیان کەسی بێ تاوان و سەدان بریندار . هەر وەها حکومە تی عیراق لە زۆر ناوچەکانی کوردستان دەسەر خەڵکی کردوە کە گوندەکان و تەنانەت هێندی شارۆ- چکەکانیش چۆل بکە ن ●

### هە نگاو

**زمارە ١١ ی (هە نگاو) ئۆرگانی** ریکخراوی خوێندکارانی کوردستانی عیراق لە ئەمریکا مان پێگەیشتوە . **هە نگاو** لەم ژمارەیەدا لاپەرەکانی بە وتاری جوان و بابەتی بە کە لك رازاندوتەوە، وە ك : سەر وتار ، کۆ نگرەی تاران ، رێك کەوتنەکەی ئازار ، لە بارەی وتو ویژی کاك نو- **شیروان جیگری ئەمینداری گشتی یە کێتی نیشتمانی لە گەل رۆژنامەی لوموند** ، کونگرەی چوار و دووپارچە شیعر .

هەر وەها لە بەشی رۆ.. ی گشتی دا بە شی سێیەمی ..... بابی لە نووسینی کاردر کە لا لەیی بلاو کردو تەوە ...

Ji R.2

## KULTURÊ TEVGERA

ku ew rêyên şovînîst li dijî hêzên gelên xwe û li dijî gelê Kurd bikartinin, ewan binkê xwe ye tikrî, komelatî û sîyasî liles pêkreberdana netewî û olî tayîfîdanaye.

Bikurtî, ev sr û berên sîyasî û nizmîya aborî û ser çeniya îdolojîka van welatan, kan (tesîr) li kultura netewa Kurd diket. Zêdebar ku ev rijêmne ne ku bitinê îdolojî û kultûrê xwe biser netewa Kurd da diden, lê wusa jî ber hingarî gesbûna kultûrê netewa Kurd dibin. Ew dixwazin rihî û layên xumalî jê bişewitînin û ji wî bermakê dimokratxwaz veten yê ku netewa Kurd bi şerbûnên dirêj û xebat û berxwedanê ji serbûnên dirêj û zebat û berxwedanê ji xwere peyda kirî, û daku ew wan rûdan û bûyerên dirokî ji bîr biken yên ku dîroka xwe têredibînin. zêdebar hinde ku ew zimanê xwe biser gelê kurd dadiden û bi sedan navên gund û hejaran diguhrin. Neku ew bitinê dixwazin kultûrê xwe biser gelê Kurd daden, lê ew wusa jî wê ji bo xwe dikin bastirin rê jo bo nehalana netwa Kurd.

Bê goman ev rê û şûnên rijêmên kevneperêsên Tirk, Îran û Îraqê li dijî gelê Kurd bikar tînin, û ew kultûrê kenveperês û paşvemayî li Kurdistanê belavdiken, ew dibîte eger paşveman û negeşbûna xwezakî û rihî ya bnetewa Kurd û karî jî li hindek kesan diket. Nexaame borjuwza bîrokrat û kumpradora Kurd ku wan berjewendya xwe ya çînatî bi herjewendiya van rijêmên kevneperês ve girêdaye, çunkî harîkarîyamana desthilatîya wan a aborî diket.

Lê vî kultûrî paserojeke dîrokî li Kurdistanê tuneye, û qet nabît u ew cihê kultûrê x_wemalê Kurdî bigrît. Ev têderxistine ne her ji wê ye ku van rijêman diyardeyek wextî û tepserkirina netewî ya dîrokî tuneye, lê wusa jî di berxwedana netwî ya kurdan jî de diyar dibêr ku netewa kurd bi hemî rêyan li dijî çewsandina netewî xebatê diket, ji wan rêya jî xebata çekdarî ye, ku berevanîyê ax û man û ziman û kultûrê xwe diket. Digel xebata xwe ye şorişgerî ew kultûrê xwe ye dimokratxwaz bi pêşdibet û bi naverokên şoreşgerî û zanistî pir diket. Lema ne ecêbe ku evro ji hevoj pitir kultûrê (rohî) yê netewa kurd bi tevgêra rizgarîxwaza netewî ve girêdaye, û bi kirî rê û rêbaz û armancên vê tevgêrê derdixst û digelda kar linaveroka wî diket û ew jî kar lê diket.

Kultûrê netewa Kurd di kîtinek nû da û serjini dîroka netewî dinivîse û kakil û binkên wî diwan armancada serokaniyê werdigirin ku paşrojeka mrovatî ya pir serketin diyardiken.

Eger avireke li dinka kultûrê newî ya kurd bideyn, de bome diyar bît ku ev kultûre berhemê mêjojî û harikarek bikar bû ji bo tevgêra rizgarîxaza netewa me bû û dinav tayên wî de nexaame edeb, honer, rojname û htd. ew hîvî û xwezîyên gel hldigirît û evro jî rolekî mezin dibînît di danan û pêşbirina salohên pêşketinaxwazên netewî û kûr kirina gîyanê evîna welat û xebat j bo wî da.

Dakokî (tekîd) kirin li texe û çînên zehmetkêsa û dewlemenkirina sercema jîyana hisî û sîyasî ya gelêî me.

Kultûrê rohî yê netewa me bi hemî wan alozîyên civakî ve ku civata Kurd hene, ew dixebata gelê Kurd da lidijî emperyalîzmê û rijêmên Tirk, Îran û Îraqê û m -ê biryardana çarenîvisa wî da, naveroka wî bi bîrûbawerên Îdolojî yên civakî yên nû dewlemend dibit û bidestînena wan armancan bûye tiştek hetmî. Çunk-î secema çarenivîsa pêşketina siyasîû civakî li kurdistanê bi cî anîna wan ve girêdaye.

Ev rolê ku kultûra netewa Kurd di jîn û xebata Kurda de dibînit, me digihinîte hindêserê kultûrî piskek serekiye ji cenga sîyasîyê.

Yanî kyçenga me ya sîyasî cengek kulturîye û her wusa jî berovajî. Lewma em sasîyê dikeyin ger em bêjin hevgêra rizgarîxwaza kurd dikare destkeftеke rastî bidest bînît bêy ku kulturê demokratîkl rola xwe bibînê. Dinav gotarek husa kurt de, me dilîva hindê tuneye ku behsa rê û layên serekî yên adolîka kultora ku tilya xwe botêkilya dîyaliktîk dinavbera kultor û tebgêra rizgarîxwaza kurd da bikêsîn û vê pirsiyarê bikeyn:

Erê gelo tevgêra rozgarîxwaza Kurdî kîjan sîyaseta kultorî bikar tîne? kîjanpirogramê kultûrî ji bo xwe danaye? Yan bi gotinek din, erê gelo tevgêra rizgarîxaza kurd di bngehê de bername û sîyaseteke kultûrî ji xwe re destnisan kire?

Ma qeq ew dem nehate ku bernama kulturek berfirdu û hevpişk da birêjin ku nehev armanc jê ravnan û bezandîna wî kulturêjpasvemayî û kevneperêsbît yê ku dijminên gelê Kurd li kurdistanê belav diken, lê wusa jî xodikek bît ku leyên saristanî, mirovdostî û xebata gelê kurd diyar biket û çekekê rohî, Firî û Îdolojî yê bikerbît ji bo tevgêrarozgarî xwazpya kurd?

Em diznain ku ew erk (wacib) yên giring û asê ketine diriya xebata gelê Kurd da, û ew metirsîyên (xeter)j ku gefa li kulûrê wî û bûna wî diken, wê enkê dixîa stuwê layên tevgêra rizgarixwaza kurd û ronakbîrênpêsketixwaz ku ew bîreka bas li vê çendê biken û bizanin ka ce boçî siyaset û bernamekê kultûrî û harkarî ya kulturî dinavbera van layên sîyas da tuneye? ❋

**REFÎQ SABÎR**

Ji R.2

### MAFÊN MIROV DI ÎSLAMA

Her tiştê civakî û azadî li jinan qedexe kiriye. Ew jinên cilên îslamî ne ken ber xwe, wan bo ordugehên karê zorrîyê diben. Îşkence bi awayekê hizir nekirî li Îranê belave. Li sînema û ser cadan gencan digirin û bo serî dihênrin.

Pirofîsorê navbinî dinivîsît: Emrîka ku bi dizîve çekî bo Îranê dişîne, ew rastî ji bir kiriye ku tevaya xelkê Îranê girtîyên hukmetê ne. Ew Emrîkîyên ku naxwazin destên wan bikevne vê gunehe, gerek ew dengê xwe bilindtir biken. Bêdengî li hember vê gunehe. Wek pisikdarî kirinêye.●

"" بیـــر خستنـــەوەیـەك ""

بەگوێرەی رێبازێکی دیموکراتی کەگرتومانە ، حـــەز دەکەین لەگەڵ خوێنەرانی بەرێز وتوو ویز بکەیـــن و وەلامی نامەکان بدەینەوە ۰ بەڵام دەمانەوێ رابگەیێنین کە نامەی بێ ئیمزاو بێ ناو و نیشانی راستی ، یان بە نـاوی ناراستی و نهێنی وەلام نادرێتەوە۰

ئەو کەسانەی نایانەوێ ناویان بنووسرێ ، پێویستـــە داوا بکەن کە ناویان بڵاو نەکرێتەوە ۰ لەم حالەدا ئیمزاکـــەی بەپارێزرێ و ناوی راستەقینەی نانووسرێ ۰

P.O.BOX 7066
163 07 SPÅNGA
SWEDEN

Postgiro: 420 4506 - 2

" بۆ ئاگاداری "

ئابوونەی سالانەی سەردەمی نوێ

١٢٠ کرونی سویدیە۰

Ji R.1

## TÊKELÎYÊN DINAVBERA

Hucetulla Haşmî Refsincanî di gotineke xwe de digel rojnama (Yomyar) a yabanî di gelavêja 1985 de got: "Îran naxwaze têkilîyên xwe bi emrîkare bi piçîne," di wê bawerê de nine kuser û berê têkilyên Îran û Emrîka hu biminin. Ew di wê bawerê de ye ku gerek emrîka ji bo çare kirna wan serûberan pêngavan pavêt. Ew gazî ginşte rêberên waşuntun ku demeke dixwazin rûyê desthilata emrîkî spî biken.

(CIA) di bîr kirineke xwede ragehand ku emrîka di têkilyên xwede digel jîranî , ji ber ûrisan paş dakêş bû. Ne dûre pştî mirina Xumênî bi feyde bît. gereke Emrîka ji jbovê çendê di delîvê yekê de bilive. Civîna êmin nêv netewî li ser şîretên gotoyên eskerî ûsiyasî destvedanên têne kirin ji bo baskirina têkeliyên îranî û emrîkarast kir. Paşî jî razî bûn bo çekdar kirina îrnaê yekser ji cebilxanên eskerî ji bo nerim kirina kesên din di hukmeta xumênî de. Paşî Îsrail û hindek hevpeymanê din yên emrîkî di (Nato) de jî mijulî van çend bûn.

Haşîmî Refsincanî di gotareke xwe de gotî Emrîka ji bû berdanana girtiyên emrîkî li Lubnan bertîl dane Îranê û amadeye alikariyên din ji biket ji bo berdana girtîyên li Lubnan û baskirina têkeliyan bi Îranê re. Ev pêlênana Refsincanî ne giringe. Lê vesartina van têkilyên nepenî (şirî) bi waşuntunê ve giringe. Li gor raporta rojnama (opzeruîr) a lendin li meha beirbara êkê 1986 ande, kurrê mezinê Refsincanî piştî wergirtina şeş milyon dolara wek pêşekiyek nepenî ji bo çekî kirînê, ew jî Biruksilê beref keneda kete vê.

Birastî û bi giskî rûreşbûna firotine çekî bo Îranê evê nîsa dide dinav rêberên komara Îslamî ya Îranî de hêzêke hind mezin heye u têkilyê bi (Şeytanê mezin) ve biket.

Bi vê çendê kargêrên emrîkî karek wusa kirin ku tiştê Îranê berê xwe bidet wan û bi dû sopa sîyaseta emrîkî bikeve. *

Ji R.1

## MAFÊN MIROV DI ÎSLAMA

Di sala 1986 an de EMNESTÎ 11 kesên li sêdarê xistîn tomar kirin, ku hejmara yên gullebaran kirinzor pitire, ji bilî hinde hindekan bi bera dukujin li Îranê.

Di rîporta rikxirawa navnetewî de gotîye:

Girtina ji xwerayî, Îskencedan û lêdan û gullebarankirin û hukumê ne adil, bûne rûye hukmeta Îslamî ya Îranê. Di girtixanên Îranê de kesên zana, duxtor, rojnamenivîs, muhamî, zimanzan, mamoste û xwîndkar nene ku ji yê wan di navbera 70-20 salandeye.

Rêkxirawa navbirî di nameka xwede bo Îranê daxazê jê diket ku ew wan karên ne mirovetî û pêlênana mafên mirova û şûnêt nav dewletî bihêlît.

Pirofîsor (Gorg Wald) mamostayê zanîngeha (Haward) a Emrîkî di rojnama (Hirald Tirîbon) de nivîsîye:

"Berovajî hezkirina xelkê Emrîka di wec (feyde) wergirtina firotina çekê emrîkî bo Îranê, kêm kes nene dixwazin bizanin ew çek li Îrnê ji boçi bikartêt. Di girtixanande yan jî li berokên şerî, Pasdarênşoriça Xumênî herho dirêjîyê bi hukmeta tirsê û kuştinê didan. Di çi direka vê dinê de wekî li Îranê mafên mirovan neketine bin lingan. Bi hezaran Îrnaî ji ber bûna bîrûbawerên wan ew gullebaran kirne. Bi hezaran kes ji ber ku ew li dijî rijêmêne, ew nuhe di girtixanan da ne. Her kes nivistekê li dijî hukmete belav biket, bi guneha (ser digel xudê) û (Bekrokê ser erdî) dê gullebaran ken.

R.3

## KULTURÊ TEVGERA RIZGARIXWAZ A NIŞTANÎ

Demê em bihsê kulturê netewî a Kurdî dikeyn, gereke em wan kaûdanên sîyasî û berûdoxên (serûberên) gelê Kurd têde dijît û wî çarenivîsê dîrokî ji hîr nekeyn. Çunkî wek diyar bûneke yekser ew kardiken (tesîr) ser jîyana hîsî û madî bi tevayî, nexasme li ser kulturê da neku em bitinê û dihemî layek û tuxman de rendidet, lê wusa jî ew astenga dirîya pêşketina gel de çêdiken.

Netewa Kurd yakudinav çewan netewêrt jêk cuda parçe kirî û bi darê zorê ew xistiye bin sîstêmên sîyasî yên cuda cuda ve, heta evro ji mafê biryardana çarenivîsê xwe bê bahre. Ew dibin hindek rijêmande ye u, birûyê xwe sîyasî, civakî û îdolojî, em dikerin wana bi dirindetirin, Şovînisttirin, û paşverûtirin rijêmên Rojihlata navîn binasin.

Rijêmên Turkiye, Îranê û Îraqê herçend ji serve jêk cuda û di zakî de çend girftarî dinavbera yekdu de hene (wek şerê Îran, Îraqê û tuxum perêsîya borjuwaza Turk li hember netewên de diçend xalan de diyihin hevên

1- tevaya van rijêman ku nûnerên borjuwaza mezin û bîrukratiya netewen Tirk, Faris û Erebin û ew dijminên mezinên demokratî û bizavên çîna karker û komonist û hemî rihiyên pêşketinaxwazin.

2- Ew bi hemî şêwekî dijminên netewa kurd û bizava (tevgêra) wê ya rizgarixwazin. Binkêadolojîya wane şovînîst, neku her nahêlît ew dan (îtîrafê) bi mafên kurda biken, lê wusa î ew hewil di din bi kiryarên xwe ku gelê kurd qutbir biken û hebûna wî nehêlin.

Ew bi hemî renga hewil di den ku kultUra xwe bi ser kurdan de bi sepînin, û ji bo vê jî tevaya dezgehêla xwîndin, fêrkirin û ragehanelînê bi kartînin. Ji wê jî pitir ew tev ronekbîrên pêskenxwazên netewên xwe û Kurd digirin û dikujin. Da ku ew kultorekî dûr i dîtina civakî û yê kevneperês bînin gorê. Yanî u ew dixwazin digel darê zorîya xwe yê aborê ew wusa jî desthilatîyakulturî jî biken. Ev rijêmên kevneperês

R.3

Ji R.1

## GUNEHA HUKMETA

Serokê PDK-Î di gazîyaxwe de behsê van cihên çol û wêran kirî kiriye:

Silêmanî 3564 Km2
Hewlêr 2899 Km2
Kerkûk 3083 Km2
Dihok 4122 Km2

Ew cihên ku nuhe mijolî çolkirin û wêran kirina wanîn, yan 50% jê çol kiriye:

Silêmanî 2684 Km2
Hewlêr 4349 Km2
Selahaddîn 145 Km2
Dihok û Mûsil 1034 Km2

Ew diverên ku ta nuhe hukmetê bi resmî xeberê çol kirinê dayê:

Hewlêr 4560 Km2
Dîyale 2200 Km2

û çend gund û bajarên din li Dihok û Silêmanîyê.

Diyazîya xwe de xwastîye ku ew alîkarîya dîyar biken, hukmeta Îraqê welê biken ku wan hêrisên xwe li dijî kurda rawestîne, ew nûnerên xwe bişînin kurdistanê daku ew halê bi hizaran kurda bibînin yên ku ketine bin tirs rûşî û qefên nemanê. *

XWEDI:
Dr. Cemşid Heyderî
BERPIRSYAR& REDAKTOR:
Kerîm Hussamî

# Serdema Nû

JI ALÎ DESTEYA NIVÎSKARAN VE TÊT BELAVKIRIN

P.O.BOX 7066
163 07 SPÅNGA
SWEDEN
Postgiro: 420 4506 - 2

Sal 2 HEJMAR 18 Tîrma 1987 Biha 10 Skr.

## TÊKELÎYÊN DINAVBERA TEHRAN Û WAŞINGTONÊ DE

Di destpêka şorişa îranê de, kesên oletî (dînî) ji bo bi cî anîna xweziyên xwe, wec (Feyde) ji du delîv..n wergirt:

Yek ji mejhebê sîê û amadeyî ya wan ji bo xwe kuştinê. Du neriyan û dijatîyaxelkî bo amrîka.

Begoman hisa xelî û çend egerên din alîkarîya kesên dînî kir ji bo dadan û mukumkirina cihê pêxwe û rizgarbûn ji berhingariya borjuwaziyanre blal.

Naveroka drûşmê ku îranê li destpêkê hilgirtî, (Ne serq, Ne xerb, Bi tenê îslam), hindek alîkarî kir ji bo tevgirtina çend texe û çînên civatê.

Piştî demek kurt ariyana şoreşê kêm û nizim bû û bizava niştimanî, bi tebgêra kurdî ve, ne her bi armancên xwe ne geheştin, li wusa jî ji hevqetan kete navbera kesên sîyasî û ayînî (oletî) ku nikarbûn guhrînek dimukratîk li welat biken.

Dirûşmê (şoreş ji millet û bo millete) ku di meha şuwat 1979 an de hilgirtibû, bi temamî havêta pişt guhên xwe û ji bîr kir. Şerokên dinî hizra têkilya xwe kir di gel rojava, nexaşme digel amrîka. Rêkxirawa (Huccetî) ku ne her mirovên dînî, belkî gelek kesên din jî li dû xwe kom kurbûn, bû berdevka wê çendê

Di sala 1981 an de demê emrîka destên xwe ji malixkirina (muhasra) îranê berdayn, hîngê kumpanî yên mirî (hukomî) û yên (ehlî) bi alikariya delalan mijolên têkilyê bûn digel kumpanyên emrîkî. Li gor rojnama (Nyo york Tims) 9/10/84 de, barên bazirganiyê dinavbera îran û emrîka de di deh mehan de jî yek milyon dolara pitir bû. Eve pêngara êkê bû ya têkiliyên bazirganî dinavbera îran û emrîka de. Hindek serokên îranê ji wê jî jpitir kirine, wan bi naman daxwaza tikilyan digel emrîka kiriye. Nexaşme ji bo kirina çek û tiştên digel emrîka kiriye. Nexaşme ji bo kirina çek û tiştên şerî û eskerî.

Dinavbera salên 1983-1986 ande çend serkêsên îranî ji bo çarekirina alozîyên dinavbera îranê û emrîkade, çend caran bi seredan çûne emrîka.

Di bihara 1986 ande Brehîm Yezdî wezîrê derve yê berê yê îranê, bo têkilya digel emrîka û çend kumpaniyên (ehlî) û kirin bahê çend bilyon doleran tiştên şerî, çûbû emrîka.

Piropagenda li dijî emrîka ku berê navê wê irbû (şeytanê mezin) kêm kir.

Di dumahîyê de rojnamên îranê tibil bo hindê dirêj dikir ku îranê dostên xwe dinav emrîka de hene, li ew di sîyasetaîranê negehiştine, îşaret di dan ku tehranê têkilyên bazirganî yên neresmî digel emrîka de hene. Li waştunêpispisê bû diken. Emrîkîyan zanî ku siyaseta nuha ya îranê li dijî emrîka, bi tinê perdeke dixin bercavên xelkê îranê, û hindek serkêsên wan amadene têkilyên bazirganî bi emrîkare girêden. Berdevka vê rastiyê di be Hasîmî Refsincanî Serokê Meclîsa îslamî ya îranî, Efserên derece bilind di dezgehên ragehandin û emnî de û herdu wezîrên derve û hindir û nûnerên bilind ji serokatîya leşkerê pasdarên îslmaî. Evne dizanîn kuîranê di serê xwede li gel îraqê pêtvî bi çek û tiştên şer heye. R.2

## GUNEHA HUKMETA IRAQÊ LI KURDISTANÊ

Kak Mesuod Barzanî serokê (PDK-Î) di gazîyekê de bo sekretêrê giştî yê komela netewên hevgirtî û serokên welatên dost û komel û civînên dimokratîk û pêşketinxwaz, serûberên evro li kurdistanê behs kirin û daxwaz jê kir ku ew li hember siyaseta rijêma BAAS li îraqe rawestin ku dixwazît qutbiriya gelê me bînît.

Di bangewaza kak Mesuod Barzanî de hatîye:

"Gelê Kurd li Kurdistana îraqe ketîye bin hêrişên hovetî û qutibîrkirinê. Gund û bajarên kurdan li dihok, Hewlêr, Kerkûk, Mûsil û Selahuddîn kavil û çol diken. Leşkerê îraqê bi darê zorî çendan ji bajar û gunden kurda pê diden çol kirin û xelkên wan bo jêrîya îraqê di guhêzin. Hukmeta îraqê gundên Kurdistanê bi jehra kîmyayî bumbaran diket ku di egerê de bi sedan jin, zarok û kal kuştine û birîndar kirine.

Ji tirsên derkirina bi çûvê zorî û bumbên kîmyawî, bi hizaran bine mal revîne û hatine deverên rizgarkirî, ku tûşî bê birsatî, rûtî û bê xanî bûne. Ew gundên mayîn hukmeta îraqê ew xistine bin malîx bûna aborî û bumbaran kirinê û gefên çol kirinê. R.2

## MAFÊN MIROV DI ÎSLAMA XUMÊNÎ DE

Rêkxirawa (Emnêstî) liser pêlêhana mafên mirovan û lêdan û îskencê li îslama îranê de raportek belavkir, têde got:

"Komara îslamî hemî rê û warên mirovatî û peymanên nav dewlatan xistine bin lingê xwe. Li gor agadarên bawerpêkirî sala 1986 an wê şeş jin û mêr bi bera kuştin. Bi amûrên karebê (elektirîk) dest û pên giriyan jê birrîne. Sala 1985-an piti ji li şeş hezar û çuwarsed kesan xistiye, û işkence kirine. Girtiyên siyasî bi hukmên bê edalet mehkom diken, ew jî yan li sêdarê diden yan bi gelek salan zindan diken. Di zîndanê tîranê dê çend hezar girtîyên siyasî hene ku zor ji wan liserdemê şahî jî ji ber bîrûbawerên xwe ew her girtî bûn. Digirtixanên îranê de ledan û îşkence bûye tiştek normal. Hilawistina sernişîv, lêdan bi qamçîyan û têlên elektirîkê bûye tiştekê rojane. Di girtîxana EVÎN de hindek dihêne dîtin ku çavên wan girêdane û ji ber lêdana qamçîyan, ew erimtîne û xwîn ji laşê wan têt.

Destdirêjîyê bi gelek girtîyan diken. Li gor agehdariyekê ku EMNÊSTÎ bi dest xwe xistîye, kurrek çuwarde salî û du kalên pîr digel qumandarekî leşkerî li girtîxana evîn de gullebaran kirine, ew endamên rêkxirawên Siyasî bûn. Bi tenê dinîvîya duwan de sala 1981 an de 2444 kes li sêdarê xistine, gencên ji 18 salî kêmtir û heta yên 11 salî jî dinav de hebûn. Ji ber ku wan bi nepenî (sirrî) dikujin, lewma hejmara dirust na êtezanîn. R.2